عێراق: هە‌رێم داواکاری بەغدای ڕەتکردەو□ ب□ □ ب□کارھێنانی ئەو بۆرییە نە‌وتە‌ی لە‌ هە‌رێمی کوردستانە‌وە‌ دە‌ڕوات

وە‌زارە‌تی نە‌وتی عێراق رایگە‌یاند، هە‌رێمی کوردستان داواکاری بەغدای ڕەتکردەو□ ب□ □ ب□کارھێنانی ئەو بۆرییە نە‌وتە‌ی لە‌ هە‌رێمی کوردستانە‌وە‌ دە‌ڕوات بە‌رە‌و بە‌ندە‌ری جە‌یهان، دە‌شڵێت، هە‌رێم هە‌ندێك "مە‌رجی قورس"ی خستوە‌تە‌ڕو کە‌ پە‌یوە‌ندی لە‌ هە‌ناردە‌ی نە‌وتە‌وە‌ نیە‌.

وە‌زارە‌تی نە‌وتی عێراق ئە‌مڕۆ یە‌کشە‌ممە‌ لە‌ راگە‌یە‌ندراوێکدا باسی لە‌وە‌کردوە‌، "لە ڕێگەی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ هاوکارانمان لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە هەرێم لە سەرەتای قەیرانی ناوچە‌کە‌وە‌، ئامادەیی خۆمان دەربڕی بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردن بە بڕی لە 300 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاتر نەبێت لە ڕێگەی بۆری هەناردەکردنی ناو هەرێم بۆ بەندەری جەیهان، ئەوە جگە لەو بڕە نەوتەی لە کێڵگەکانی ناو هەرێم کە پێش هەلومەرجی ئێستا هەناردە کراون، کە بڕەکەی لە 200 هەزار بەرمیل کەمتر نەبوە لە ڕۆژێکدا، ل□□کاتێکدا توانای هەناردەکردنی بۆرییەکە نزیکەی 900 هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا".

ئاماژە‌ی بە‌وە‌شکردوە‌، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕەتیکردەوە لەم کاتەدا هەناردەکردن دەستپێبکاتەوە و چەندین مەرجی داناوە کە پەیوەندییان بە پرسی هەناردەکردنی نەوتی خاوەوە نییە.

وەزارەتی نەوتی عێراق دەڵێت، بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیان وتوە، کە "دەکرێت دواتر باس لەو مەرجانە بکرێت، هاوتەریب لەگەڵ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت، چونکە دواکەوتنی هەناردەکردنی عێراق دەبێتە هۆی بێبەشکردنی عێراق لە هەندێک سەرچاوەی دارایی وەک قەرەبوی وەستانی هەناردەکردن لە بەندەرەکانی باشورەوە".

لە راگەیەندراوەکەدا هاتوە، "لە ڕێگەی ئەم بەیاننامەیەوە داواکاریی خۆمان بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دوپاتدەکەینەوە کە دەستبەجێ هەناردەکردن دەستپێبکاتەوە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی و بەگوێرەی دەستوور و یاسای بودجە".